هەلیکۆپتەرێک کە بەشداربوو لە کوژاندنەوەی ئاگر لە تورکیا کەوتە ناو تانکەکی ئاوەوە

وەزیری کشتوکاڵ و دارستانی تورکیا، ئیبراهیم یومەکلی ڕۆژی یەکشەممە (1ـی ئەیلولی 2023) ڕایگەیاند، هەلیکۆپتەرێک کە بەشداربوو لە کوژاندنەوەی ئاگر لە پارێزگای ئیزمیری تورکیا کەوتە ناو تانکەکی ئاوەوە و ئەندامەکانی تیمەکەش ڕزگارکراوە".

وەزیری کشتوکاڵی تورکیا لە هەژماری فەرمی خۆی لە" ئێکس" ڕایگەیاند، "دوای پشکنین، زانیمان کە هەلیکۆپتەرەکە کەوتە خوارەوە و کەوتە ناو تانکەکی ئاوەوە، کە لەوێوە ئاو هاددەکێشێت بۆ کوژاندنەوەی ئاگری دارستانێک لە ناوچەی مەندرس"، یوماکلی لە ماڵپەڕی "ئێکس"دا وتیشی، "پۆلیس و پاسەوانی کەناراوەکان و بەڕێوەبردنی کارەساتەکان بەشدارن لە ئۆپەراسیۆنی گەڕان و ڕزگارکردندا، وتیشی یەکێک لە ئەندامانی تیمەکە ڕزگارکراوە لە کاتێکدا تیمەکانی ڕزگارکردن بەدوای سێ کەسی دیکەدا دەگەڕێن".